*Journal of Language Studies* Vol. 10, No. 1, Part 2, 2026, Pages (140-163)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P2.8

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Adverb in Cognitive Grammar

Asst. Prof. Dr. Umer Ahmed Aziz*
University of Garmian
Umer-ahmed@garmian.edu.krd
&
Asst. Prof. Dr. Kazhal Jihabakhsh Mohammed
University of Garmian
kazhal.jihabakhsh@garmian.edu.krd

**Received:** 26/10/2025, **Accepted:** 02/12/2025, **Online Published:** 31/03/2026

## Abstract

In Cognitive linguistics, language is a part of the human cognitive system that reflects the conceptual organization of the mind and the representation of the world in the speaker's mind. From this perspective, experience and cognitive of the world are reflected in the structure of language, and linguistic forms are closely related to the semantic structures they express. One of the most prominent models in this school is cognitive grammar, which takes a symbolic view of the nature of language, assumes language to be a set of symbolic units, and deals with the symbolization of meaning and thought. This model believes that linguistic structures are evoked through cognitive processes (conceptual metaphors, image schemas, etc.). In this grammar, the grammaticality of a linguistic expression depends on its consistency with schemas and models acquired in previous uses. In this regard, this research, entitled (Adverb in Cognitive Grammar). It is an attempt to present the principles of cognitive grammar in cognitive linguistics in Kurdish language, that is, based on the beliefs and assumptions put forward in one of the most prominent grammatical approaches in this field, namely Langaker's

* **Corresponding Author:** Umer Ahmed Azeez**, E-mail:** Umer-ahmed@garmian.edu.krd.
**Affiliation:** University of Garmian - Iraq

©This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

cognitive grammar. This research analyzes Kurdish adverbs that contain the concept of (direction and location). It also examines the effectiveness of schemas and metaphors related to the perception and understanding of different meanings of adverbs in cognitive grammar, considering the main concepts of this grammar. In this study, the analytical descriptive method was followed, and the samples were analyzed according to Langaker's Perceptual Grammar and based on the speakers' daily speech.

**Keywords:** Cognitive Linguistics, Cognitive Grammar, Symbolic units, Symbolization, Cognitive Processes

## الظرف في النحو المعرفي

أ. م. د. عمر احمد عزيز
**جامعة گرميان**
أ. م. د. كژال جهابخش محمد
**جامعة گرميان**

**المستخلص**

في اللسانيات المعرفية، اللغة هي جزء من النظام المعرفي البشري الذي يعكس التنظيم المفاهيمي للذهن وتمثيل العالم في ذهن المتحدث. ومن هذا المنظور، تنعكس تجربة العالم وإدراكه في بناء اللغة، وترتبط الأشكال اللغوية ارتباطًا وثيقًا بالبناءات الدلالية التي تعبر عنها. ومن أبرز النماذج في هذه المدرسة النحو المعرفي الذي ينظر إلى طبيعة اللغة من منظور رمزي، ويفترض أن اللغة عبارة عن مجموعة من الوحدات الرمزية، ويتعامل مع رمزية المعنى والفكر. يعتقد هذا النموذج أن البنيات اللغوية يتم استحضارها من خلال العمليات المعرفية (الاستعارات المفاهيمية، ومخططات الصور، وما إلى ذلك). في هذه القواعد النحوية، تعتمد قواعد التعبير اللغوي على مدى اتساقه مع المخططات والنماذج المكتسبة في الاستخدامات السابقة. وفي هذا الصدد جاء هذا البحث بعنوان (الظرف في النحو المعرفي). إنها محاولة لتقديم مبادئ النحو المعرفي في اللسانيات المعرفية باللغة الكردية، أي بالاعتماد على المعتقدات والافتراضات التي طرحها أحد أبرز المناهج النحوية في هذا المجال، ألا وهو النحو المعرفي عند لانجاكر. يُحلل هذا البحث الظروف الكردية التي تتضمن مفهومي (الاتجاه والمكان). كما يدرس فاعلية المخططات والاستعارات المتعلقة بإدراك وفهم معاني الظروف المختلفة في النحو المعرفي، مع الأخذ في الاعتبار المفاهيم الرئيسية لهذا النحو. وفي هذه الدراسة اتبعنا المنهج الوصفي التحليلي، وتم تحليل العينات وفق قواعد لانجاكر الإدراكية وبالاعتماد على الكلام اليومي للمتحدثين.

**الكلمات المفتاحية:** اللسانيات المعرفية، النحو المعرفي، وحدات رمزية، الرمزية، العمليات المعرفية

## ئەدڤێرب لە ڕێزمانی درکپێکردندا

پ.ی.د. عمر ئەحمەد عەزیز
**زانكۆی گەرمیان**
پ.ی.د. کژال جهابەخش محەمەد
**زانكۆی گەرمیان**

## پوخته

له زمانەوانیی زانینیدا، زمان بەشێکە لە سیستەمی زانینی مرۆڤ کە ڕێکخستنی چەمکیی مێشک و شێوازی نواندنی جیهان لە مێشکی قسەکەر پیشان دەدات. لەم ڕوانگەیەوە، ئەزموونی جیهان و چۆنیەتی تێگەیشتن لێی لە دروستبوونی زماندا ڕەنگدەداتەوە، و شێوە زمانەوانییەکان بە پەیوەندییەکی نزیک بە بنیاتە واتاییەکانەوە گرێدراون کە وەک دەربڕینیان بەکاردەهێنرێن. لە گرنگترین مۆدێلەکانی ئەم قوتابخانەیەدا ڕێزمانی زانینییە کە سروشتی زمان لە ڕوانگەیەکی هێماییەوە دەبینێت و وا دەزانێت زمان کۆمەڵێک یەکەی هێماییە، و بە هێماییبوونی واتا و بیرکردنەوە مامەڵە دەکات. ئەم مۆدێلە باوەڕی وایە کە بنیاتە زمانەوانییەکان لە ڕێگەی پڕۆسە زانینییەکانەوە بانگهێشت دەکرێن (وەک مەجازە چەمکییەکان، سکیمای وێنە و هتد). لەم ڕێزمانەدا، یاساکانی دەربڕینی زمان پشتی بە ئاستی هاوڕێیی و گونجانیان بەو سکیمایان و مۆدێلانە دەبەستن کە لە بەکارهێنانە پێشووترەکاندا فێربوون .لەو چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی )**هاوەڵکار لە ڕێزمانی زانینی** (هاتووە. هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی بنەماکانی ڕێزمانی زانینی لە زمانەوانیی زانینی بە زمانی کوردی، واتە بە پشتبەستن بە باوەڕ و گومانە بنەڕەتییەکان کە یەکێک لە دیارترین ڕێبازە ڕێزمانییەکانی ئەم بوارە پێشنیاری کردووە، کە ئەویش ڕێزمانی زانینیی **لانگاکە**رە. ئەم توێژینەوەیە هاوەڵکارە کوردییەکان شی دەکاتەوە کە چەمکی )**ئاراستە و شوێن** (لەخۆ دەگرن. هەروەها کاریگەری و چالاکی سکیمای وێنە و مەجازەکان کە پەیوەندییان بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی واتای جۆراوجۆری هاوەڵکارەکانەوە هەیە لە ڕێزمانی زانینیدا دەکۆڵێتەوە، بە گوێرەی چەمکە سەرەکییەکانی ئەم ڕێزمانە. لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی **وەسفی–شیکاری** بەکار هاتووە، و نموونەکان بە گوێرەی یاساکانی ڕێزمانی زانینیی لانگاکەر و بە پشتبەستن بە قسەی ڕۆژانەی قسەکەرانی زمان شی کراونەتەوە.

**وشە سەرەکییەکان :**زمانەوانیی زانینی، ڕێزمانی زانینی، یەکە هێماییەکان، هێماییبوون، پڕۆسە زانینییەکان.

## پێشەکی

له زانستی زمانی درکپێکردندا، زمان بەشێکە لە سیستەمی درکپێکەرانەی مرۆڤ، کە ڕەنگدانەوەی ڕێکخستنی چەمکیی ئاوەزە و نیشانەدەری جیهانە لە ئاوەزی ئاخێوەر. لەمڕوانگەیەشەوە ئەزموونی جیهان و درکپێکردن لە دروستەی زماندا ڕەنگدەداتەوە و فۆرمە زمانییەکانیش بە تەواوی پەیوەندییان بەو پێکهاتە واتاییانەوە، کە دەردەبڕدرێن، هەیە. لەدیارترین مۆدێلەکان لەم قوتابخانەیە، ڕێزمانی درکپێکردنە، کە تێڕوانینێکی هێماییانەی بۆ سروشتی زمان هەیە، زمان بە کۆمەڵێک یەکەی هێمایی گریمانەدەکات، هەروەها بە، بەهێماییکردنی واتا و بیر خەریکدەبێت. ئەم مۆدێلە پێیوایە دروستە زمانییەکان لە ڕێگەی پڕۆسە درکپێکردنەکانەوە(میتافۆری چەمکی، سکێمای وێنە...تاد)دەوروژێنرێن. لەم ڕێزمانەدا ڕادەی(ڕێزمانیبوونی) دەربڕاوێکی زمانی پەیوەستە بە پلەی گونجان و یەکگرتویی لەگەڵ سکێما و مۆدێلە بەدەستهاتوەکان لە بەکارهێنانەکانی پێشوودا.

**-ناونیشانی توێژینەوەکە:** ناونیشانی توێژینەوەکە (ئەدڤێرب لە ڕێزمانی درکپێکردندا)یە.

**-هۆکاری هەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکە:** مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پەسنکردن و جێبەجێکردنی بنەماکانی(ڕێزمانی درکپێکردن)ە لە زمانی کوردیدا.

**-سنوری توێژینەوەکە:** کەرەستە و داتای توێژینەوەکە لە زاری ناوەڕاست و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی ئاخێوەران وەرگیراوە.

**-ڕێبازی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنیی شیکاری پەیڕەوکراوە، بەپێی بنەماکانی ڕێزمانی درکپێکردن، نموونەکان شیکارکراون.

**- پرسیاری توێژینەوەکە:** توێژینەوەکە کار لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی خوارەوەدا دەکات:

ئایا ڕێزمانی درکپێکردن، چۆن دەڕوانێتە ئەدڤێرب وەکو پۆلێکی فەرهەنگی؟ ئایا تەنها ئەرکی ڕێزمانیی و ڕۆنانی ئەدڤێربەکان دەتوانن پەسنی ئەم پۆلە فەرهەنگییە بکەن؟ یان (درکپێکردن و بەکارهێنانە میتافۆریی، نەخشەی سکێمایی،

تێکەڵبوونی جووتەی دەنگ و واتا، ئاوێزانبونیان بە دونیابینیی، کۆزانین و پرۆسەدرکپێکردنەکانی مرۆڤەوە وردتر پەسنی ئەم پۆلە فەرهەنگییە دەکەن؟).

**-بەشەکانی توێژنەوەکە:** توێژینەوەکە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بەگشتی لایەنی تیۆری بابەتەکە دەگرێتەوە، کە خۆی لە خستنەڕووی سەرەتایەك پەیوەست بە شوێنی زمان لە زانستی درکپێکردن، پەسن و شرۆڤەکردنی مۆدێلە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان، چەمکە سەرەکییەکانی ڕێزمانی درکپێکردن، پۆلێنکاری سکێمای وێنە، پەیوندیی میتافۆریی چەمکی و سکێمای وێنەدا دەبینێتەوە. بەشی دووەمی توێژینەوەکە کار لەسەر: بۆچوونی ڕێزمانی درکپێکردن لەبارەی ڕێزمانەوە، ئەدڤێرب لە ڕێزمانی درکپێکردندا، لەگەڵ درکپێکردنی میتافۆرییانەی ئەدڤێرب، دەکات. لە کۆتاییشدا چەند ئەنجامێکی بەدەستهاتوو لە توێژینەوەکە خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم:**

**1-1/شوێنی زمان لە زانستی درکپێکردندا:**

زانستی درکپێکردن(Cognitive Science)کۆمەڵێک پسپۆری وەکو( دەروونناسی، مرۆڤناسی، زانستی زمان، فەلسەفە، زانستی کۆمپیوتەر و زانستی دەمار...تاد)پێکیدەهێنێت، کە بابەتەکەیان لێکۆڵینەوەی ئاوەز دەگرێتەوە. توێژەرانی زانستی درکپێکردن هەوڵدەدەن نهێنییەکانی ئاوەز ئاشکرابکەن و ئەرکە درکپێکراوەکان و پرۆسە شاراوەکانی پەسنبکەن. هەروەها بەدوای ئاشکراکردنی نهێنی ئاوەز و خستنەڕووی کارەکییانەی درکپێکردن و پرۆسە ناوەکییەکانین. هەوڵدەدەن بەو گریمانەیەی، کە ئاوەز دەزگایەکی نواندنە، چۆنیەتی نواندنی ئەزموونەکانی مرۆڤ لە جیهانی دەوروبەریدا بخەنەڕوو. ئامانجی سەرەکی ئەم زانستە ئەوەیە، توانا درکپێکراوەکان، کە لە مرۆڤ و زیندەوەردا هەن، بەشێوەیەکی زانستییانە پەسنبکات، هەروەها ئەو میکانیزمانەی، کە لە ئاوەزدا دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توانای لەوجۆرە دەستنیشانبکەن.(لوریا، 1376: 7). زانستی زمانی درکپێکردنیش وەك لقێکی زانستی درکپێکردن، بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەز دەکاتەوە. لەم ڕێبازەدا زمان بە یەکێک لە بەرزترین نواندنە ئاوەزییەکان دادەنرێت. لە ڕاستیدا، زانستی زمانی درکپێکردن وەک قوتابخانەیەک لە زانستی درکپێکردندا جێگەی تایبەتی هەیە، بەوەی، کە زمان بە باشترین ئاماژەپێدەر دەزانێت، کە درکپێکردنی مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانرێت پەسنبکرێت.

زانستی زمانی درکپێکردن یەکێکە لە قوتابخانە نوێیەکانی زمانەوانی و ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستەم و ڕۆڵی زمان و بە چەندین تیۆر، هەروەها لە پەیوەندی نێوان زمان و ئاوەزی مرۆڤ و ئەزموونە کۆمەڵایەتی و جەستەییەکانی دەکۆڵێتەوە. کاری ئەم قوتابخانەیە پێداگریکردنە لەسەر ئەوەی زمان ڕەنگدانەوەی شێوازی بیرکردنەوە و تایبەتمەندییەکانی ئاوەزی مرۆڤە، لەمڕوانگەیەوە لێکۆڵینەوە لە زمان، لێکۆڵینەوەیە لە شێوازەکانی بەچەمککردن، لێکۆڵینەوەیەک، کە لە ڕێگەیەوە سروشت و پێکهاتەی هزریی و بیرۆکەکانی ئاوەزی مرۆڤ دەردەکەون. ڕەگ و ڕیشەی ئەم قوتابخانەیە لە مشتومڕە زمانییەکانی (1960) و (1970)وە خرایەڕوو، لە ڕاستیدا دەرئەنجامی ناکۆکییە زمانییەکان بوو، لە نێوان سیمانتیکی بەرهەمهێنان و لایەنگرانی چۆمسکی، دوو زمانەوان(جۆرج لاکۆف و ڕۆناڵد لانگاکر)بە پێچەوانەی چۆمسکی و لایەنگرانی، واتا بە بناغەی توێژینەوە زمانییەکان دادەنێن، هەروەها بە نیشاندەری توانا درکپێکراوەکانی مرۆڤی دەزانن. بڕوانە(حەمەدئەمین، 2023: 88). ئەم قوتابخانەیە بە خستنەڕووی چوار بنەمای گرنگ، زانستی زمانی درکپێکردن لە قوتابخانەکانی دیکە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان جیادەکەنەوە. چوار بنەماکانیش ئەمانەی خوارەوەن:

1- واتای زمانی جێگیر و پێشوەختە دیاریکراو نییە، بەڵکو ڕوانگەییە(perspectival)، کە لە ڕێگەیەوە لە جیهان دەڕوانرێت.

2- واتای زمان داینامیکییە، چونکە جیهان لە گۆڕاندایە.

3- واتای زمان ئینسکلۆپیدیاییە و سەربەخۆ نییە لە مەودا درکپێکراوەکانی دیکە.، چونکە مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا مامەڵە و کارلێکدەکات، ناتوانێت واتا وەک مەودایەکی سەربەخۆی جیاواز لە جیهان بزانێت.

4- واتای زمانیی لە بەکارهێنان و ئەزموونی کۆنکرێتییەوە دەستدەخرێت. بە واتایەکی دیکە زانستی زمانی درکپێکردن جەخت لەسەر گرنگی ئەزموونەکانی مرۆڤ و ڕۆڵی جەستە و چۆنیەتی کارلێکی جەستە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا، دەکاتەوە. (راسخ مهند، 1393: 20-23).

**1-1-1/مۆدێلە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان(پەسن و شرۆڤە):**

مۆدێلە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان هەمەچەشنن و لە هەموویاندا بە جۆرێک ئەو یەکە هێماییانەی، کە زمان پێکدەهێنن لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرێت. لە قوتابخانەی درکپێکردن پەیوەست بە ڕێزمان چەندین زمانەوان کار و بەرهەمیان پێشکەشکردووە. (لانگاکر)، یەکێک لە پێشەنگەکان و کەسایەتییە گرنگەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، تیۆرەکەی بە (ڕێزمانی درکپێکردن/Cognitive Grammar ) ناوزەدکرد، کە تێیدا بانگەشەی ئەوە دەکات، زمان وەك پێکهاتەیەکی سەربەخۆ لە پێکهاتە درکپێکراوەکانی تر قبوڵکراو نییە و ڕێزمانیش بە پێکهاتەیەکی سەربەخۆی زمان لەقەڵەمنادات.

لە ڕوانگەی ڕێزمانی درکپێکردنەوە، ڕێکخستنی درکپێکەرانە، تەواو جیاوازە لەو تێڕوانینانەی، کە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا خراوەتەڕوو. پەیکاڵ لەگەڵ ڕێزمانی درکپێکردنی لانگاکر، کەسانی وەک لاکوف(1987)، (فیلمۆر و کەی/ C.J. Fillmore & P. Kay/ 1996)، (گۆڵدبێرگ/1995) و (کرافت و کروز/2004) لە ڕوانگەی درکپێکردنەوە لە ڕێزمانیان کۆڵیوەتەوە، بەڵام تاڕادەیەك جیاواز لە ڕێبازی لانگاکر، لە ڕێزمانەکەیان، کە بە (ڕێزمانی بنیاتنان / Construction Grammar)ناسراوە، یەکەکانی زمان وەک یەکەیەکی هێماییانە دادەنرێن و پێیاندەوترێت پێکهاتە. توێژینەوەکە زیاتر دەیانخاتەڕوو.

**1-1-1/ڕێزمانی بنیاتنان:**

لە ڕێزمانی بنیاتناندا، شوێنپێی تیۆری زمانیی ئەزموون-بناغەی لانگاکر (1987) دیارە. گریمانەی بنەڕەتی تیۆری ئەزموون-بناغە ئەوەیە، کە ئەزموون لەگەڵ زماندا نواندنە درکپێکراوەکانی زمان پێکدەهێنێت و کاریگەری لەسەر دروستدەکات.(Bybee, 2013:1 ). ڕێزمانی بنیاتنان، دوای پێکهاتن، بەشێوەی تێڕوانینگەلێك فراواندەبێت و گەشەدەکات. بۆ ئەم مەبەستەش توێژینەوەکە بەکورتی ئاماژە بە ڕێزمانی پێکهێنانی (گۆڵدبێرگ/1995) دەکات. بیرۆکەی سەرەکی ئەم ڕێزمانە پێداگریکردنە لەسەر ئەوەی، کە هەموو کۆزانینی ڕێزمانی بە( فەرهەنگ، ڕستەسازی و وشەسازیی)ەوە، لە ئاوەزی ئاخێوەردا لە شێوەی پێکهاتەی ڕێزمانی گشتیدا بوونیان هەیە و دادەکرێن و هەموو شتێک لە وشەوە تا گشتیترین

ڕێساکانی واتا و ڕستەسازی بە پێکهاتە دادەنرێن.(Croft, 2001: 471 ). بەمەش لەم ڕێزمانەدا، هەر جیاوازییەکی دیار لە نێوان ڕێزمان، سیمانتیك و پراگماتیکدا، ڕەتدەکرێتەوە. چونکە بنەمای کاری ڕێزمانەکە ڕەنگڕێژکردنی پێکهاتە بە جووتبوونی فۆرم بە واتا/کردە(form-meaning pairing)یە، کە لە ڕووی سیمانتیکییەوە هەڵگری سروشتێکی سەربەخۆ لە یەکە فەرهەنگییە پێکهێنەرەکانی(lexical items) دەبێت. بۆ زیاتر بڕوانە(Goldberg, 2006: 5). ئەگەر بەراوردی ئەم بۆچوونە بە ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکیی بکەین، ئەوا ڕووندەبێتەوە ئەم مۆدێلە جیاوازە، چونکە کۆزانینی مرۆڤ پەیکاڵ لەگەڵ توانستە زمانییەکانیی وەك چەمکی فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس و فۆنۆلۆژیش هەموویان کاریان تەنها ڕەنگڕێژکردنی جووتبوونی فۆرم و واتایە، نەك هەر پێکهاتەیەك بەسەربەخۆیی کاربکات وەك ئەوەی ڕێزمانی بەرهەمهێنان بانگەشەی بۆ دەکرد.

**2-1-1/ڕێزمانی درکپێکردن(Cognitive Grammar):**

ڕێزمانی درکپێکردن بەشێکی زانستی زمانی درکپێکردنە، لەگەڵ سیمانتیکی درکپێکردن، دوو لقە سەرەکییەکەی ئەم قوتابخانەیە پێکدەهێنن، ئەم ڕێزمانە پێشتر لەلایەن لانگاکرەوە بە ناوی ڕێزمانی فەزا(Space Grammar)بەکارهاتووە پاشان گۆڕاوە بۆ ڕێزمانی درکپێکردن. بڕوانە(جهيدة و عبدالغالي، 2022: 343). ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی ڕێزمانی درکپێکردندایە، کە ڕێبازێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمان، لەلایەن (ڕۆناڵد لانگاکر)ەوە پەرەپێدراوە. ئەم تیورە گریمانەی ئەوە دەکات، کە(ڕێزمان، سیمانتیک و فەرهەنگ)لەسەر پەیوەستییەک بوونیان هەیە، لەبری ئەوەی بە تەواوی چەند پێکهاتەیەکی جیاواز بن. ڕێزمانەکە لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکاندا لەلایەن زمانەوانی ئەمریکی (ڕۆڵاند لانگاکر)ەوە سەریهەڵدا، کە لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی(بنەماکانی ڕێزمانی درکپێکردن)بەشی یەکەم و دووەمی بڵاوکردەوە، لەگەڵ چەندین کتێب و توێژینەوەی تری* وەکو بەرپەرچدانەوەیەک بۆ ڕێزمانی بەرهەمهێنانی چۆمسکی، بەو پێیەی ڕێزمانی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ڕێزمان بریتیی نییە، لە کۆمەڵێک یاسا، کە لە ئاوەزدا دابڕاوبن و هەڵگیرابن و جڵەوی زمان بکەن، واتە مۆدۆلاربن، بەڵکو پێیوایە ڕێزمان بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێماکان و واتاکانیان، واتە دەنگ و واتا، هەروەها ڕێزمان بریتییە لە گوزارشت/construal، کە شێوازی گوزارشتی مرۆڤ کاریگەر دەبێت بە تێڕوانین و زانیارییەکانی لەبارەی جیهانەوە. ڕێزمان بریتییە لە کارلێکی نێوان سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا، واتە ئەزموون و بەکارهێنان. بڕوانە: (Radden & Dirven, 2007,1-2). ڕێزمانی درکپێکردن پێداگری لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕێزمان سیستەمێکی سەربەخۆ نییە بەجیا لە واتا کاربکات. بەڵکو ڕێزمان خۆی واتادارە و لە سیمانتیك دانابڕێت. بەمەش شێوازی داڕشتنی ڕستە تەنها گەیاندنی زانیاریی نییە، بەڵکو دەربڕینی بیر و هەستەکانی مرۆڤە سەبارەت بەو زانیارییانە. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە خودی ڕێزمان دیاردەیەکی پەیوەستە. بڕوانە نموونەکانی(1):

1ئـ : کوڕەکە، سەگەکەی ڕاونا. 1بـ : سەگەکە کوڕەکەی ڕاونا.

---

*بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: Roland.w. Langacker, The Foundation Of Cognative Grammae 2004 :v1,v11,Stanford university press.

ئامانجی توێژینەوەکە لە ڕێگەی نموونەی (1)ەوە خستنەڕووی ئەو لایەنەیە، کە بیر و هەست لە کۆی پرۆسە درکپێکردنەکانی مرۆڤ لە دەربڕیندا ڕەنگدەدەنەوە و دەرخەری ئەو مەبەستانەیە، کە ئاخێوەر دەیەوێت بیگەیەنێت، نەك ئەوەی، کە تەنها کۆمەڵێك پەیوەندی ڕێزمانی بێت بەمەش نموونەی(1ئـ) لە سێ ڕەگەزی جیاوازی سینتاکسیی پێکهاتووە، هەر یەکەیان لە ڕووی سیمانتیکەوە لە واتایەک پێکدێن، (کوڕ و سەگ و ڕاونان)، کەچی ئەم زانیارییانە لە ڕێگەی ڕیزبوونێکەوە گەیەنراون، کە بریتییە لە ( بکەر، بەرکار، کردار/SOV) هەر ئەم ڕیزبوونە وەکو یەکەمین تایبەتمەندی ڕێزمانی کوردیی پەیوەندی بە ڕۆڵی هەر یەک لەو ڕەگەزە سینتاکسییانەوە هەیە، وەك لە(1بـ )دا ئەگەر شوێنەکانیان بگۆڕدرێن، ئەوا واتاکەش دەگۆڕێت.

لە ڕێزمانی درکپێکردندا زمان بریتییە لە کۆمەڵەیەکی پێکهاتەدار لە پۆلێنە واتادارەکان، کە لەسەر بنەمای ئەزموونەکانی مرۆڤ لە جیهاندا پێکهاتوون و لە هەڵگرتن و بەڕێوەبردنی زانیارییەکان یارمەتییدەدەن. کۆزانینی تاك بەشێوەیەک ڕێکدەخەن، کە ڕەنگدانەوەی پێویستی و ئەزموون و کەلتووری تاك بێت. لەم چوارچێوەیەدا دەکرێت سێ بنەمای گرنگ چنگبکەوێت، ئەوانیش بریتیین لە:

1-یەکەمایەتیدان بە واتا لە شرۆڤەکردنی زمانییدا، واتە: واتا لە پێشینەی ئەرکی ڕێزمانە.

2- سروشتی ئینسکلۆپیدیاییبوونی واتا لە زمان.

3-سروشتی ڕوانگەیی و دیدگاییبوونی واتا لە زماندا.

ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕەنگدانەوەی جیهانی دەرەوە لە زماندا بابەتی نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی جیهانە لە ڕوانگە و دیدگای بەکارهێنەرانی زمانەوە. لەمەشەوە ڕێزمانی درکپێکردن جەخت لەسەر گرنگی گوزارشت دەکاتەوە. گوزارشت بریتییە لەو شێوازەی، کە مرۆڤ هەڵیدەبژێریت بۆ تێڕوانین یان بەچەمککردن بۆ دۆخێک. ئەمەش دەکەوێتەژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکار، وەکو(دیدگا، ئامانج و زانیاریی)مرۆڤ لەسەر جیهان. بۆ نموونە ڕستەی(1ئـ)، (کوڕەکە سەگەکەی ڕاونا) دەتوانرێت بە کۆمەڵێک شێوازی جیاواز لێکبدرێتەوە. دەتوانرێت سەرنج لەسەر کوڕەکە ، یان کردەی ڕاونانەکە بێت، هەروەها دەتوانین سەرنج بخرێتەسەر شوێنی سەگەکە، یان شوێنی کوڕەکە، چۆنیەتی ڕاونانەکە، خێرایی و هێواشییەکەی، یان ڕەنگی سەگەکە، شێوازی لێکدانەوەی ڕستەکە کاریگەری لەسەر ئەو واتایە دەبێت، کە لێیوەردەگیرێت.

ڕێزمانی درکپێکردن تیۆرێکی ئاڵۆزی زمانە، بۆ ڕوونکردنەوەی چەندین دیاردەی زمانەوانی بەکارهاتووە، لە پێکهاتەی بنەڕەتی ڕستەکانەوە تا دەگاتە واتا. ئامرازێکی بە نرخە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارکردنی زمان و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ پەیوەندیکردن لەم ڕێزمانەدا.

### 3-1/چەمکە سەرەکییەکانی ڕێزمانی درکپێکردن:


#### 1-3-1/یەکە هێماییەکان/ Symbolic units:

یەکە بنەڕەتییەکانی زمان بریتیین لە هێماکان، کە لە جووتکردنی دروستەیەکی واتادار لەگەڵ دروستەیەکی فۆنۆلۆژیی دەستدەخرێن. دروستە واتاییەکان نواندنی چەمکەکانن، لە کاتێکدا فۆنۆلۆژیی دەنگی هێماکانن، یان زنجیرە و پێکەوەهاتن و بەرجەستەبوونی دەنگەکانن، کەواتە ڕێزمانی درکپێکردن پێیوایە زمان لە یەکەی هێمایی پێکدێت و ناوەڕۆکی چەمکیی بەهێمادەکەن، ئەم یەکانە دوو دیویان هەیە، کە بریتیین لە (واتا و دەنگ). بەمپێیە زمان بریتییە لەهێماسازی/بەهێماکردن. بە واتایەکی دیکە واتا هەمان بەچەمککردنە، دروستە واتاییەکان بەگوێرەی مەودا درکپێکراوەکانەوە چێوەدەگرن و بەهایان بە شرۆڤەکردنی ئەو مەودایانە پەیوەستە، بەمەش ڕێزمان ئاستێکی دیاریکراو لە نواندنە زمانییەکان نییە، بەڵکو وابەستەی دروستە و بەهێماکردنی ناوەڕۆکی چەمکییە. پەیوەست بەم لایەنەشەوە ڕێزمانی درکپێکردن دەتوانێت بە ڕەچاوکردنی سێ توخم، ڕێزمان پەسنبکات:


١- یەکەی فۆنۆلۆژی بەهێمای(P)نیشاندەدرێت، کە پێکدێت لەو دەربڕینە زمانییانەی تاك ڕۆژانە بەکاریاندەهێنێت و لە کاتی بەرهەمهێنانیاندا هەوڵی ئاگاییانە نادات.

2- یەکەی واتایی بەهێمای(S)دەردەکەوێت، کە چەمکێکی ئاسایی و دامەزراوەییە، ئاخێوەرانی زمان بەبێگوێدانە چۆنیەتی بنیاتنانی، بەکاریدەهێنن واتە یەکەی واتایی ناوەڕۆکی چەمکیی و شرۆڤەئاوەزییەکان پەیوەست بە ناوەڕۆکێک لەخۆدەگرێت و فاکتەرکانی وەك، سکێما، بەلوتکەکردن(Topicalization)، ڕوانگە، ... بەشدارن لە دەربڕینی شرۆڤە ئاوەزییە جیاوازەکان لە دۆخێکی یەکساندا.

3- یەکەی هێمایی/ (∑)، پەیوەندییە ئامانجدارەکەی نێوان خاڵی یەکەم و دووەمە و کاتێک دادەمەزرێت، کە لەگەڵ بیستنی یەکەیەکی فۆنۆلۆژیدا، یەکە واتاییەکەی هاوتای لەگەڵیدا ببەسترێتەوە و بە پێچەوانەشەوە. هێڵکاری(1) یەکەی هێمایی لای لانگاکر ڕووندەکاتەوە و پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەشدا هێڵکاری(2)نواندنی یەکەی هێمایی سادە بۆ وشەی (کوڕ) لەزمانی کوردیدا دەستدەخات، کە تێیدا یەکەی فۆنۆلۆژی، زنجیرەی فۆنێمی(kur) دەنەخشێنێت و یەکەی واتاییش، پەیوەندی تاك لەگەڵ ئەم دیاردەیە دەخاتەڕوو.





**هێڵکاری(1)، سەرچاوەی هێڵکاری(Langacker,2013:15).**





**هێڵکاری(2). نواندنی دروستەی هێمایی سادە بۆ وشەی(کوڕ).**

بەپێی هێڵکاری(1)و(2)ڕووندەبێتەوە، کە دەتوانرێت یەکە هێماییە بنەڕەتییەکان لەگەڵ یەکتردا ئاوێتەبن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی شیاوی شیکارکردن(analyzable)لە پەیوەندییە هێماییەکان. ئەو دروستە هێماییە گەورەترە، بە یەکەی هێمایی دادەنرێت. مۆدێلە ڕێزمانییەکان لە چوار چێوەی یەکە هێماییەکان، سکێماییانە شرۆڤەدەکرێن، کە لەگەڵ دروستە هێماییەکانی دیکە نەک لە جۆر، بەڵکو لە ڕووی پلەی تایبەتمەندیی(specificity)یەوە جیاوازن.(Langacker,1987:58). لێرەشەوە دەتوانرێت بە ئاوێتەکردنی هێڵکاری(2)وەکو دروستەیەکی هێمایی($\sum_1$)/(کوڕ) لەگەڵ دروستەیەکی هێمایی($\sum_2$)وەکو (ان)، دروستەیەکی هێمایی سێیەم($\sum_3$)دەستبخرێت. بڕوانە هێڵکاری(3).




**هێڵکاری(3)ئاوێتەبوونی دروستە هێماییەکان لەڕێزمانی درکپێکردن.**

بەمپێیە یەکەزمانییەکان بریتییەبن لە هێما و جووتکراوەی دروستەی واتا(Semantic Structure) و فۆنۆلۆژی(Phonological Structure)، هەروەها زمان تەنها لە ڕووی ئەم سێ توخمە زمانییەوە دەتوانرێت پەسنبکرێت. لەم ڕێبازەدا فەرهەنگ و ڕێزمان پەیوەستەییەك پێکدەهێنن، کە کۆمەڵێک دروستەی هێمایی لەخۆدەگرن، هەر دروستەیەکی هێمایی لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی دروستەیەکی واتایی و فۆنۆلۆژی چنگدەکەوێت. بەمەش لە ڕێزمانی درکپێکردن لە بنەڕەتدا، زمان سروشتێکی هێماییانە دەنوێنێت و خاوەنی پایە و بنەمای خۆی دەبێت، کە لە هێڵکاری(4)دەخرێتەڕوو.



**هێڵکاری(4)بنەمای ڕێزمانی درکپێکردن.**

### 1-3-2/ گوزارشت/Construal :

گوزارشت ئەو شێوازەیە، کە مرۆڤ هەڵیدەبژێرێت، تێڕوانین یان بەچەمککردن بۆ دۆخێک. ئەمەش دەتوانێت لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک هۆکاردا بێت، وەک (دیدگا، ئامانج و زانیاریی)ی مرۆڤ لەسەر جیهان. پەیوەست بەم لایەنەوە وەك لە(1-1-2)ئاماژەپێکراوە، گوزارشت ئاماژەکردنە بە دۆخێک یان ڕووداوێکی دیاریکراو، دەتوانرێت بە شێوازی جیاواز سەیربکرێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی گوزارشتی جیاواز. لە ڕێزمانی درکپێکردندا واتای یەکە/دەربڕاوێك نەك هەر بەند و پەیوەستە بە ناوەڕۆکی چەمکی ئەو یەکە/دەربڕاوەیەوە، بەڵکو پەیوەستە بەو گوزارشتانەی، کە یەکە/دەربڕاوەکە بەسەر ناوەڕۆکەکەدا دەیسەپێنێت.

### 1-3-3/دەرکەوتن/ Emergence :

ڕێزمان لە دوبارە بەکارهێنانی یەکە هێماییەکان لە چوارچێوە جیاوازەکاندا دێتەبوون و سەرهەڵدەدات، هیچ یاسایەکی زگماکی/ innate ڕێزمانی بوونی نییە، بەڵکو کۆزانینی تاك لەسەر ڕێزمان بە تێپەڕبوونی کات لە ڕێگەی ئەزموونەوە بنیاتدەنرێت، ئەزموون بریتییە لە کارلێک و بەرکەوتنی سیستەمی درکپێکردنی تاك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا.

### 1-3-4/ پۆلی تیشکدەرەویی Radical categorization:

ڕێزمانی درکپێکردن بەرپەرچی پۆلەرەگەزدیاریکردنی ڕێزمانی بەرهەمهێنان و ڕێزمانی باو دەداتەوە، کە پێیانوابوو وشەکان لە فەرهەنگدا لەڕێگەی نیشانەی[ ∓ ] دیاریدەکرێن، بە واتا وشەیەک یان ناوە، یان کردارە، بەڵکو ئەم تیورە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە وشەکان لە پەیوەندییەکی پەیوەستیدان، واتە وشەکان بەڕێژەی جیاواز لەیەکدەچن، هەیانە سیمای هاوبەشی زۆرتریان هەیە و هەشیانە بەپێچەوانەوە، پۆلە تیشکدەرەوەییەکان ئەو پۆلانەن، کە نموونەیەکی ناوەندیی و ژمارەیەک ئەندامی دەوروبەرییان هەیە. ئەندامانی پۆلێک بەهۆی لێکچوونەوە پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام هەموویان هەمان تایبەتمەندییان نییە، بەمجۆرەش مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەکی درشت/nuanced گوزارشت لە دەوروبەری خۆی بکات. بڕوانە: (Taylor:2012:22-25). هەروەها بڕوانە شرۆڤەکاریی نموونەکانی(بەشی دووەم/2-2-3)، کە چۆن بەکارهێنانە میتافۆرییەکانی ئەدڤێربەکان، ئەم ڕاستییە دووپاتدەکەنەوە.

### 1-3-5/سکێمای وێنە/ Image Schema:

پێکهاتە بنەڕەتییەکانی درکپێکردنی تاکە، کە بۆ نواندنی ئەزموونی خۆی لە جیهاندا بەکاریدەهێنێت. زۆرجار سکێمای وێنە لە زماندا بۆ دروستکردنی چەمکی ئەبستراکت بەکاردەهێنرێت، چونکە چەمکە ئەبستراکتەکان پێویستیان بەوەیە بەپێی نەخشەیەکی ئاوەزیی، کە سەرجەمی درکپێکردنی مرۆڤ لە خۆگرتووە لەبارەی هەموو لایەنەکانی ئەو چەمکەی، کە دەیەوێت لێکیبداتەوە. سکێما لە بنەڕەتدا چێوەیەکە لە کۆمەڵێک شتی هاوبەش لە ئەزموونەکانی پێشودا، پەیوەست بە

ئەزموونە نوێیەکان، کە ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە، جێبەجێدەکرێت. ڕێزمانی درکپێکردن بانگەشەی ئەوە دەکات، کە هەموو گشتاندنەکان لە زماندا لە ڕێگەی بەسکێمابوونی پێکهاتە ورد و تایبەتەکانەوە دەستدەکەوێت. ئەو سکێماییانەی، کە سیستەماتیکیبونی ڕێزمانی دەردەبڕن، هێماییانە و هەریەکەیان جەمسەرێکی فۆنۆلۆژیی و واتایی لەخۆدەگرن.

**6-3-1/مێتافۆر و میتۆنیمی:**

ئەو پرۆسە درکپێکردنانەن، کە بۆ دروستکردنی واتای نوێ بەکاردەهێنرێن. گرنگی میتافۆر لەچێوەدان بە چەمکە ئەبستراکتەکانی ئاوەزی مرۆڤ و نواندنی لە زمانی ئاخاوتندا، سەرهەڵدانی تیۆری میتافۆرەچەمکییەکانی لە قوتابخانەی درکپێکردندا، بەدواوە بوو. لەمڕوانگەیەوە میتافۆر بریتییە لە میکانیزمێکی ئاوەزیی، کە بە هۆیەوە ئەزموونە فیزیکیی و کۆمەڵایەتییەکان بۆ تێگەیشتن لە مەبەست و چەمکگەلێك بەکاردەهێنرێن. بڕوانە(الزناد، 2009: 142-145). بۆیە مێتافۆر بریتییە لە تێگەیشتن لە چەمکێک لە ڕێگەی چەمکێکی دیکەوە، لە کاتێکدا میتۆنیمی بریتییە لە بەکارهێنانی چەمکێک بۆ نواندنی چەمکێکی دیکە. میتافۆر بەراوردی دوو شتە بەبێ وشەکانی(وەکو...تاد)، کە هیچ پەیوەندییەک لەنێوانیاندا نییە، هەمبەر بەمە میتۆنیمی بەکارهێنان و لەبریدانانە، بەڵام پەیوەندییەک هەیە لەنێوان بەکارهێنراو و لەبری بەکارهێنراو.(Langacker,2009:40-41). لە میتافۆردا ئەوەی زیاتر پەیوەست بێت بە توێژینەوەکەوە، میتافۆری ئاراستەییە، لە خوارەوە دەخرێتەڕوو.

**1-6-3-1/پۆلێنکاری میتافۆر:**

پەیکاڵ لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەی درکپێکردندا، مێتافۆر بە بابەتێکی ناوەندیی دادەنرێت، چونکە ناوەرۆکە سەرەکییەکەی پەیوەندی نێوان ئاوەز و زمانە. بیرۆکەی مێتافۆر لە ڕێبازی درکپێکردندا لە کارەکانی لاکۆف و جۆنسۆن دەستپێیکرد و چەندین جۆری میتافۆریان خستنەڕوو، لە دیارترینی جۆرەکانی میتافۆر و پەیوەستبوو بە توێژینەوەکەوە(میتافۆری ئاراستەیی)یە، کە هەندێکیش بە میتافۆرە سکێماییەکان(Schema Metaphor- Image) ناوەزەدیدەکەن.(Lakoff & Turner, 1989: 99) لە میتافۆرە ئاراستەییەکاندا، کۆمەڵێک چەمک بەپێی کۆمەڵێک چەمکی دیکە ڕێکدەخرێن. ئەم میتافۆرانە چەمکەکان بە پێدانی فۆرمی فەزایی بەرانبەری بە یەکترەوە دەبەستنەوە و ئاماژەن بۆ ئاراستە و هەلومەرجی شوێن، بێگومان ئەم ئاراستەیانە ئارەزومەندانە نین، بەڵکو لەسەر بنەمای پێوەرە تایبەتەکان پێکهاتوون و ئامانجیان دروستکردنی یەکگرتویی و تێگەیشتنێکی نوێیە لە چەمکەکان. میتافۆرە ئاراستەییەکان دوو جۆر چەمک ڕێکدەخەن: یەکەمیان بریتییە لە چەمکە فەزایی و شوێنییە سادەکان وەک (سەرەوە، خوارەوە، ژێر، تەنیشت، پێش، پاش، دور، نزیك) یان ئەو چەمکانەی، کە تاك ڕاستەوخۆ لێیتێدەگات و پەیوەندیی بە ئەرکە جەستەییەکانی ڕۆژانەیەوە هەیە. هەرچی دووەمیشە چەمکەکان بە ئاشکرا پەیوەندییان بە فیزیای جەستەی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەیان لە ئەزموونی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیە، کە لە چوارچێوەی پێشگریمانە کەلتوورییەکانیدا جێگەیەکی گەورەی هەیە و پەیوەندییان بە کایەی بڕیاردانی (ئاوەزیی، هەست و سۆز...تاد) هەیە، بە واتایەکی دیکە لە جۆری دووەمدا چەمکە ئەبستراکتەکان بە یارمەتی مێتافۆر دێنەکایەی ڕوونکردنەوەوە.(هاشمی, 1389: 127). لێرەشەوە ئەو سکێماوێنەیەی، کە ئەم جۆرە مێتافۆرانە دەیخوڵقێنن، بە پلەی یەکەم لەسەر بنەمای ئەزموون و بارودۆخی کەلتووریی بەکارهێنەری زمان

دامەزراوە و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکانی تێدایە، کە بەبڕوای لایەنگرانی ئەم تیۆرە، دەبێت بە پێش چەمکی هەژماربکرێن، چونکە وا گریمانەدەکرێت پێش بیرکردنەوەی چەمکی شێوەدەگرن.( گیررتس، 1393: 425).

زمانەوانانی قوتابخانەی درکپێکردن مێتافۆری ئاڕاستەیی جیا لە میتافۆرە چەمکییەکان، کە چەمکێک لەناو چەمکێکی دیکەدا ڕێکدەخەن، دەزانن. بە هۆکاری ئەوەی ئەم جۆرە مێتافۆرانە بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئاراستە فەزاییەکانی وەک(سەرەوە -خوارەوە، ناوەوە-دەرەوە...تاد)سەرچاوەدەگرن. بۆیە جەختکردنەوەی زیاتر لەمڕووەوە پەیوەستە بە ئاراستەکانی سەرەوە و خوارەوە. لە پۆلێنبەندییەکی گشتیدا دەتوانرێت بوترێت تاڕادەیەك هەموو بابەتێکی پەسەند و ئەرێنی لە(سەرەوە)یە و هەموو ناپەسەند و نەرێنی لە ئاراستەی(خوارەوە)دایە، هەرچەندە ئەمەش ڕێژەییە، چونکە دەکرێت بەپێی کەلتوورە جیاوازەکان شیاوی گۆڕان بن. مێتافۆری ئاراستەیی وەك(زیاتر لە سەرەوەیە)لە ئەزموون و فێرکارییەکانی مرۆڤەوە وەرگیراوە، بۆ نموونە یەکێک لە پاڵنەرە بەهێزەکانی ئەوەی کەسێک زیاتر دەخوێنێت ئەوەیە، کە خوێندکاری یەکەمی پۆلەکە بێت. هەروەها ئەزموونی باوی ڕشتنی شلە بۆ ناو شوشەیەک و بینینی بەرزبوونەوەی ئاستی شلە، نەخشەکێشانێك لەگەڵ مەودای چەمکی هێڵێکی ستوونیدا دادەمەزرێنێت و زیاتر پەیوەست بە سەرەوە و کەمتر لەگەڵ خوارەوە لە ئاوەزدا چێوەدەگرێت. بە گشتی ئەم مێتافۆرانە پەیوەستن بەو چەمکانەی، کە ئاماژە بە ئاراستە و شوێن وەك (سەرەوە - خوارەوە، ناوەوە-دەرەوە، پێشەوە-دواوە،...تاد) دەکەن.

### 1-3-7/فرەواتایی/ Polysemy :

لە ڕێزمانی درکپێکردندا وەکو گرفت سەیرناکرێت، بەڵکو لەڕێگەی پۆلی تیشکدەرەوەییەوە لێکدەدرێتەوە بەوەی هیچ یەکەیەک نییە تەنها یەک واتای هەبێت و دابڕاو بێت لە یەکەکانی دیکە، بەڵکو هەموو یەکەیەک واتایەکی بنەڕەتیی هەیە، پاشان چەندین واتای تری هەیە، کە ئەو واتا جیاوازانە زۆر نزیکن لە واتا بنەڕەتییەکەوە، هەشیانە دورترن، ئەمەش توانایی ئەوە دەداتە مرۆڤ تەنها بۆ گوزارشت لەیەک بیرۆکە چەندین ڕێگەی جیاوازی لەبەردەستدا بێت، فرەواتایی پەیوەندی بە بیرۆکەی پۆلی تیشکدەرەوەییەوە هەیە بەو پێیەی هیچ یەکەیەک تەنها یەک واتای نییە، هەروەها یەک یەکە، چەندین چەمک لەخۆدەگرێت، کە ئەو چەمکانە دەگەڕێنەوە بۆ تێگەشتنی ئێمە بەپێی گوزارشتی جیاواز، واتە کارلێکی کۆزانین و سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤ لەگەڵ جیهاندا. بڕوانە: (Taylor:2012:219).

### 1-4/هێما و پەیوەندیی هێماکان :

یەکەم: هێما زمانییەکان: ئەم هێمایانە، تەنها وشەکان نین، بە وتراویی، بەڵکو نووسراو و تەنانەت وەکو لانگاکر ئاماژەیپێدەکات ئاماژەکانی دەست و زمانی جەستەش دەگرێتەوە، کە دەکرێت بەشێوەیەکی گشتیی ناوی لێبنرێت نواندنی دەنگیی، یان فۆرمی بەرجەستەبووی یەکە زمانییەکان.

دووەم: واتای هێماکان: بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە واتای یەکە زمانییەکان، بەڵام لێرەدا جیاوازییەکە ئەوەیە تەنها ئەو واتایە لێکنادرێتەوە، کە واتای بنەڕەتیی و فەرهەنگیی یەکەکانن، چونکە هیچ واتایەکی دابراو بە تەنها لە ڕێزمانی درکپێکردندا نییە، بەڵکو واتاکان بە ڕادەی جیاواز نزیک و دوورن لەیەکترەوە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە واتا بەشێوەیەکی فراوان، کە تێیدا

ئاستیی درکپێکردنی مرۆڤ و دونیابینیی و زانیارییەکانی لەبارەی جیهانەوە دەگرێتەوە. ئەم ئاستەش بریتییە لە ئاستی نواندنی واتایی.


سێیەم: پەیوەندی نێوان هێما زمانییەکان، واتا هیچ هێمایەك نییە دابراو و بێ پەیوەندی بێت، بەڵکو هێماکان لە پەیوەندی واتاییدان لەگەڵ هێماکانی تر.

بەو پێیە بێت وشەیەکی وەکو(دار)لە زمانی کوردیدا لە سێ ئاستی سەرەکیدا لێکۆڵینەوەی لێدەکرێت لە ڕێزمانی درکپێکردندا، ئاستی نواندنی دەنگیی وشەکە بریتییە لەوەی لە سێ فۆنیم پێکدێت، واتای وشەکە دیارە، بەڵام بەپێی بەکارهێنان دەگۆڕێت، ئاستیی سێیەم بریتییە لە پەیوەندی وشەی(دار)لەگەڵ وشەکانی تری زمانی کوردیی، کە چەندین پەیوەندی جیاوازی هەیە(داری دەست و داری وشک، داری تەڕ و دارین...تاد)دروستدەکات جگە لەوەی لە ئاستی نواندنی دەنگدا چەندین واتای جیاوازی هەیە، لە ئاوەزدا بەپێی سکێمای(دار)چەندین تۆڕی واتایی پەیوەندی جیاوازی وشەکە بەیەکترەوە دەبەستێتەوە، لەوانە(دار)، تەڕ و وشکی هەیە، دار هەیە بۆ لێدانە و داریش هەیە بۆ سەوزکردنی سروشتە، دار هەیە زۆر گەورەیە و چەندین مەتر بەرزە و بە پێچەوانەوە هەیە لە گۆزەیەکی بچووکدا جێگەی دەبێتەوە...تاد. (لەبارەی بۆچوونی لانگاکر لەبارەی هێماسازییەوە بڕوانە: (langacker ,2008:15-16).

**5-1/پۆلێنکاری سکێمای وێنە:**

سکیمای وێنە بە یەکێك لە گرنگترین تیۆرەکانی قوتابخانەی درکپێکردن دادەنرێت، پێداگری لەسەر ئەزموونە جەستەییەکانی مرۆڤ دەکاتەوە. بەپێی ئەم تیۆرە ئەزموونە جەستەییەکانی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرنگ لە چێوەبەندکردنی چەمکە ئاوەزییەکان دەگێڕن. هەرچەندە لە جۆرەکانی سکێمای وێنە زمانەوانان کۆدەنگن پەیوەست بە سێ جۆرە سەرەکییەکەی سکێماوێنەییەکان، کە ئەوانەش سکێمای(دەفر، جووڵە و هێز)ن، لەگەڵ ئەوەشدا لەم قوتابخانەیەدا پۆلێنبەندی جیاوازی بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن زمانەوانانییەوە خراوەتەڕوو*، بڕوانە هێڵکاری(5)لای(ئیڤانز و گرین).( Evans & Green, 2006:190)، توێژینەوەکە بەهۆکاری ئەوەی زیاتر تیشکدەخاتەسەر ئەدڤێربەکانی زمانی کوردیی و بە تایبەت ئەوانەی چەمکی ئاراستە و شوێن لەخۆدەگرن، بەمەش سکێمای فەزا وەك لە هێڵکاری(5)خراوەتەڕوو، ڕاڤەدەکرێت.


* لە پۆلێنی سکیما وێنەییەکان لە قوتابخانەی درکپێکردن سەرەتا جۆنسن لە کتێبی(جەستە لە ئاوەز)دا لە ساڵی 1987چەند جۆرێکی خستەڕوو(Johnson,1987:113-126)، پاشان لە لایەن زمانەوانانی دیکەوە چەند پۆلێنێکی دیکەی سکێماکان خراونەتەڕوو. بڕوانە: (Turner,1996:27-30) ، (Hedblom, Kutz, Neuhaus, 2015: 42) .




**هێڵکاری(5) پۆلێنی سکێمای وێنە.**

سکێمای فەزا دروستەی درکپێکردنی بنەڕەتییە، کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن لە بارودۆخ و پەیوەندییەکان و ڕێکخستنی شوێنی فەزایی تێبگەن، واتە بە زۆری مامەڵە لەگەڵ ئاراستەکاندا دەکەن، کە بە هۆی جەستە و جووڵە فیزیکییەکانی مرۆڤەوە دروستبوون. لەم چەشنەی سکێمادا، مرۆڤ لەشی خۆی و تەنەکانی دەوروبەری وەك ناوەند یان پێوەر بەکاردەهێنێت و بارودۆخی دیاردە و تەن و بوونەکانی دەوروبەری لە پەیوەندی لەگەڵ جەستەی خۆیدا پێوانە و دیاریدەکات و لە زمانەکەیدا بەکاریدەهێنێت، ئەوەی وادەکات تاك لەو چەمکە فەزاییانە تێبگات، ئەوەیە، کە پەیوەندی بەردەوامی لەگەڵ ئەم جۆرە چەمکانەدا هەیە. یەکێک لە ئەزموونە بەجەستەکراوەکانی مرۆڤ بۆ بینینی شتە ستوونییەکان(دار، ستوون...تاد)و ئاراستەکانی(سەر، خوار، چەپ، ڕاست, لە تەنیشت...تاد)دەگەڕێتەوە. بە بڕوای(Mandler)پرۆسەی پێکهێنانی سکێماوێنەییەکان بەهۆی دوبارە پەسنکردنی ئەزموونە فەزایی و شوێنییەکان لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە پێناسەدەکات، کە ناویدەنێت شیکاری واتا چەمکییەکان(perceptual meaning analysis)هەروەها پێیوایە، یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی توانای بەچەمککردن بریتییە لە سکێمای وێنە، کە تێیدا دروستەی فەزایی هاوتایە لەگەڵ دروستەی چەمکیدا.(Mandler, 1984: 590-591). سکێمای فەزایی بە پشتبەستن بە شوێنی تەنەکان و دیاردەکان وەك لە هێڵکاری(5)دا دیارە، بەسەر چەند جۆرێک دابەشدەکرێت: بۆ نموونە لە سکێمای(سەر-خوار)دا مرۆڤ بارودۆخی جەستەی خۆی و تەنەکانی دەوروبەری وەک پێوەر بەکاردەهێنێت و پێگەی دیاردەکان بە بەراورد بە جەستەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت، واتە لە پێگەیەکی دیاریکراودا (بەرزتر، نزمتر، یان لە هەمان ئاستدا)، لەمڕوانگەیەشەوە ئەم چەشنەی سکێما، جووڵەی ئاراستەیی تێدایە، کەوا لە مرۆڤ دەکات بیر لە جەستەی خۆی و جیهان بکاتەوە و درك بە دیاردەکانی دەوروبەری لە سەر بنەمای ئەوان بکات، واتە تاك لە سەر بنەماکانی جەستەی خۆی ئەو کەرەستانەی، کە لە سەرەوەن بڕیار لە کەرەستەکانی دیکە دەدات و دەیانکاتە بنەمایەك بۆ ئاخاوتن و دەربڕینە زمانییەکانی. درکپێکردنیشی بۆ ئەم ئاراستەیانە وایکردووە لە ڕستەی (ئەو لەسەرو ئێمەیە و چاودێریمان دەکات)، چەمکی (سەرەوە)بەو واتایە هاتبێت، کە

وەک فەزایەک وایە، لە سەرو مرۆڤەوە بوونێک هەیە، هەرچەندە ناتوانرێت ببینرێت، بەڵام لە ڕێگەی سکێمای فەزاوە مرۆڤ درکییێدەکات و بەهۆی ئەم ئاراستەیەوە لە توانایدایە بەجەستەیبکات. هێڵکاری(6)ڕوونکردنەوەی زیاتر دەستدەخات، هەروەها بڕوانە نموونەکانی(8 و 9)ی توێژینەوەکە. هەمان ڕاستی بۆ ئاراستەکانی(ژێر، تەنیشت... تاد)دەگونجێت. لێرەدا پەیوەستەییەك لە نێوان میتافۆر لە(**1-6-3-1**) و سکێمای وێنە دەردەکەوێت، بۆ ئەمەش بڕوانە(1-6).




**هێڵکاری(6)سکێمای وێنەی(سەر-خوار).**

**1-6-پەیوندیی میتافۆری چەمکیی و سکێمای وێنە:**

دەتوانرێت سکێمای وێنە وەک مەودای سەرچاوە لە نەخشەکێشانە مێتافۆرییەکاندا سەیربکرێت. بەهۆکاری ئەوەی دروستەی کۆزانین، ڕاستەوخۆ لە ئەزموونی بەجەستەکراو و پێش چەمکییەوە دەستدەخرێن. ئەم دروستەیانە لە ئاستی چەمکیدا واتادارن، چونکە لە ئەزموونە بەجەستەکراوەکانی مرۆڤەوە سەرچاوەدەگرن و ئەم ئەزموونانەش خۆی لە خۆیدا واتادارن. لەڕوانگەیەوە لە میتافۆری چەمکیدا، نەخشەکێشانێك لە نێوان مەودای کۆنکرێتی و ئەبستراکتدا ڕوودەدات. مەودا لە تیۆری میتافۆری چەمکیدا بریتییە لە کۆزانینێك، کە چەمکە پەیوەندیدارەکان کۆدەکاتەوە. بنەمای سکێمای وێنە خۆی لە دوو لایەن دەبینێتەوە:


1-ئارگومێنت/مشتومڕ لەسەر بنەمای ئەزموونی فیزیکی دەبێت.

2-نەخشەکێشانێکی مێتافۆری لە مەودای کۆنکرێتی بۆ مەودای ئەبستراکت ڕوودەدات.

لەمەشەوە سکێما وێنەییەکان لە توانایاندایە بنەمای کۆنکرێتی بۆ نەخشەکێشانی مێتافۆری دابینبکەن. بەبڕوای(جۆنسن) سکێماکان بنەمای مێتافۆرەکانن و پێکهاتەی ناوەکی ڕوونیان دەتوانێت بنەمایەک بێت بۆ پێکهێنانی نەخشەکێشانی مێتافۆری.(Johnson,1987:114). لە ڕاستیدا سکێماکان وەک بنەمای مێتافۆرییانە دەرفەتێک بۆ مرۆڤ دەڕەخسێنن، کە بەهۆی ئەزموونە فیزیکییەکانیان بۆ تێگەیشتن لە مەودا زۆر ئاڵۆزەکان سوودوەربگرن. بڕوانە نموونەی(2).

2ئـ- لە کێشەیەکی زۆر گەورەدایە. 2ب-قەرزێکی زۆرم لەسەرە.

درکپێکردنی نموونەی(2ئـــــ)لەسەر بنەمای نەخشـەکێشـانی میتافۆرییانە ڕوودەدات، کە تێیدا سـکێمای وێنەی(قەبارە)بۆ مەودایەکی ئەبسـتراکتی دیکە پەلدەکێشـێت، کە ئاماژەکردنە بە حاڵەتێك، بەمەش درکپێکردنی چەمکی(کێشـــە و گرفت)لەسەر بنەمای سکێمایەکی وێنەی ئاوەزیی وەکو(چوونە ناو قەبارە و شتێکەوە)پەیوەستدەبێت و بەپێی نەخشەکێشانی نێوان دوو مەودای میتافۆریی چێوەدەگرێـــــت. هەمان ڕاســتی بۆ نموونەی(2بـــــ)دەگونجێـــــت، بەواتا یەکێك لە سکێماوێنەییەکان، سکێمای فەزایە(سەرەوە-خوارەوە، پێشەوە-دواوە...تاد)، کە خاوەنی ئاراستە و تایبەتمەندیی شوێنن، لە ڕێگەی نەخشەکێشـانی میتافۆرییانەوە لە مەودایەکی کۆنکرێتی(بوونی شتێك لەسەر سەر)سکێمای وێنەیی بۆ مەودایەکی ئەبستراکت(قەرزاربوون/قەرزکەوتنەسەر)دەستدەخرێت. بەواتایەکی دیکە لەمجۆرە سکێمایەدا، مرۆڤ بە تەوەرەییکردنی شـتێك یان جەسـتەی خۆی، بارودۆخ و شـوێنی دیاردەکان هەمبەر بەو شـتە پێوانەدەکات و لە ئاسـتێکی سـەرەوە وەك نموونەی(2بـــ)درکپێدەکات و بەهۆی ئەوەی مرۆڤ بەشێوەی ستوونی بە ڕێگادا دەڕوات، درك بە چەمکەکەنی سەرەوە و خوارەوە دەکات، کە(سـەر)لە سـەرەوەیە و (پێ) لەخوارەوە، وێنەیەکی ئاوەزی لەو شـتە لە ئاوەزی خۆی دێنێتەکایەوە. بڕوانە هێڵکاری(7).




**هێڵکاری(7)نواندنی سکێماییانەی نموونەی(2ب).**

**بەشی دووەم:**

**1-2/بۆچوونی ڕێزمانی درکپێکردن لەبارەی ڕێزمانەوە:**

لە ڕێزمانی درکپێکردندا ڕێزمان، بریتیی نییە لە کۆمەڵێک یاسای ناوەکیی و زگماکی لە ئاوەزدا جڵەوی کۆی زمانێک بکەن، بەڵکو ڕێزمان بریتییە لە پەیوەندی نێوان هێماکان واتە نواندنی فۆنۆلۆژییانەی هێماکان لەگەڵ دیوی واتاکانیاندا، کە دەکەوێتەسەر بەکارهێنانیان لەلایەن ئاخێوەرەوە، هەر ئەمەشە وادەکات بڵێین زمان پرۆسەیەکە هەتا مردن مرۆڤ فێری دەبێت بە بەردەوامی هێمای نوێ دەبیستێت و وەریدەگرێت و بەکاریدەهێنێت. بڕوانە نموونەکانی(3).

3ئـ بۆ سەرۆکایەتی بەش   3بـ بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی بەش   3پـ بۆ زۆر بەڕێز سەرۆکایەتی بەش

هەریەک لەو ڕۆنانانە دەربڕی پەیپێبردنی کەسەکانن بەپێی پەیپێبردن و کۆزانینی مرۆڤ گۆڕانیان بەسەردا دێت. لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزمان بریتییە لە بەشێکی سیستەمی درکپێکردنی مرۆڤ، لە کارلێک و پەیوەندیدایە لەگەڵ سیستەمە درکپێکردنەکانی تری مرۆڤ، بڕوانە نموونەکانی(4):

4ئـ : کەشتییەکە لە دەریای ناوەڕاستدایە. 4بـ *دەریای ناوەڕاست لە کەشتیدایە.

مرۆڤ لە ئاخاوتنەکانیدا بەپێی پەیپێبردن و تێگەیشتن و درکپێکردنی بۆ دیاردە و جیهانی دەوروبەری ڕستە و دەربڕاوەکان گۆدەکات، وەك لە نموونەی(4ئـ)دا دیارە، بەڵام پێچەوانەکەی بۆ نموونەیەکی وەك ڕستەی(4بـ)پەیوەست بە درکپێکردنی تاکێکی کوردزمانەوە پێدەچێت گونجاو نەبێت، کاتێك بوترێت(دەریای ناوەڕاست لە کەشتیدایە)، (هەرچەندە هەندێکات میتافۆرییانە ڕەنگە ڕستەی لەوشێوەیە لەلایەن ئاخێوەرانەوە بۆ مەبەستی دیاریکراو دەربڕدرێت)، ئەمەش ئەوە دەردەخات ڕێزمان تەنها سیستەمێکی تەکنیکیی ڕێکخستنی یەکەزمانییەکان نییە، بەڵکو ڕێزمان بیرە، درکپێکردنە. پەیکاڵ لەگەڵ ئەمەشدا ڕێزمان لەسەر بنەمای گشتاندن/Generalization دامەزراوە، سادەترین نموونە، تاف لە سینتاکسدا گشتییە، لە تافدا هیچ نیشانەیەکی ڕۆژ و ساڵ و کاتژمێر نییە، بەڵکو ڕابردوویەکی گشتیی و ڕانەبردوو و داهاتویەکی گشتیی بوونی هەیە. بڕوانە (Bernd Heine: 1997:67-70 ). یەکە ڕێزمانییەکان( ناساندن، نەناسراویی، تاف، ئەسپێکت، پریپۆزەیشنەکان...تاد)واتادارن بەهەمان شێوەی یەکە فەرهەنگییەکان. بڕوانە(5)، کە واتای ئاراستە و بەرەو لای تۆ هاتن)دەگەیەنێت.

5-من بۆ لای تۆ دێم.

ڕێزمان نواندنی سەرجەمی کۆزانینی مرۆڤە لەبارەی یەکە فەرهەنگیی( ناو، ئاوەڵناو، کردار) و دروستە ڕێزمانییەکانەوە(ڕیزبوون و دروستەی فرێزەکان...تاد). هەروەها لەسەر بنەمای بەکارهێنان دامەزراوە، هەمان بیرۆکە بەپێی پەیپێبردنی مرۆڤ دەگۆڕێت، بۆیە ئەو ڕۆنانەی بەکاردەهێنرێن بۆ دەربڕینی بیرۆکەیەک گۆڕانیان بەسەردا دێت، نموونەکانی(6)ڕوونکردنەوەی زیاتر دەستدەخەن.

6ئـ-کەمئەندام، خاوەنپێداویستی تایبەت 6تـ-پیر و بەساڵاچوو

6بـ-ئاژەڵ و گیاندار 6د-فەقیر و دەستکورت

6پـ-شێت و بەخشراو 6ر-دەوڵەمەند و خواپێداو

**2-2/ئەدڤێرب لە ڕێزمانی درکپێکردندا:**

ئەدڤێربەکان دەربڕی چەمکی تایبەتن بۆ ئاراستە، (کات و شوێن)، چونکە کات لە ڕێزماندا، گشتییە و نیشانەنەکراوە/ unmarked، ئەدڤێربی کات(یان وەکو هەندێك پێیان دەڵێن ناوی کات، چونکە ئەدڤێرب وەکو پۆلەڕەگەزی سەربەخۆ لە زمانی کوردیدا نییە) بڕوانە: (عبدالجبار مستەفا مەعروف، 2013)، (ئازاد ئەحمەد حسێن، 2001) ئەرکی بریتییە لە نیشانەکردنی کات، کە لە سینتاکسدا لە ڕێگەی ئەفێکسی تافەوە گۆدەکرێت، بڕوانە نموونەکانی(7).

7ئـ-من هاتم. 7بـ :من دوێنێ هاتم. 7پـ : من دوێنێ بەیانی هاتم.

7تـ : من دوێنێ بەیانی زوو هاتم. 7چـ : من دوێنێ بەیانی زۆر زوو هاتم.

7حـ : من دوێنێ شەفەق هاتم. 7خـ : من دوێنێ پێش خۆرهەڵاتن هاتم.

ڕستەی(7ئـ)هەڵگری چەمکێکی گشتییە، گوێگر و خوێنەر نازانن کەسەکە چی کاتێك هاتووە(هەرچەندە کات دیارە، کە ڕابردووە بەڵام کراوەیە و بە وردی نیشانەکراو نییە)، لە ڕستەی (7ب) ئەدڤێربی(دوێنێ) نیشانەی ئەوەی کردووە، کە کەی هاتووە، بەڵام هێشتا دیار نییە دوێنێ بەیانی، نیوەڕۆ، عەسر، مەغریب یان شەو هاتووە، بۆیە لە(7پ)ئەوەی دیاری کردووە، کە بەیانییەکەی زوو هاتووە، بەڵام بەیانی زوویش نازانرێت یەکسەر دوای بانگ بووە، دنیا لێڵ بووە هێشتا، یان خۆر هەڵاتووە، بۆیە لە(7ت) ئەوەی ڕوونکردۆتەوە، کە بەیانی زۆر زوو بووە، کەواتە خۆر هەڵنەهاتووە، لە(7چ)وردترە لە نیشانەکردن، پەیپێبردنی ئێمە جیاوازە، چونکە ئەزموونەکانمان جیاوازن، بۆیە ڕەنگە زۆر زوو لای کەسێك پێش نوێژی بەیانی بێت، لای کەسێکی دیکە دوای نوێژ بێت، بۆیە لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا چەند ئەدڤێربێکی دیکەی ناوی کات هەن نیشانەیەکی وردتر دەکەن، ( شەفەق، پێش خۆر هەڵاتن...تاد)وەکو لە(7چ، حـ خـ)بە تەواویی نیشانەی تافی ڕستەکەیان کردووە، ئەمەش فراوانی پانتایی دەربڕین و بژاردەی جیاوازمان بۆ دەردەخات، کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ دەربڕینی چەمکی(بەیانییەکی زوو)بەکاریانبهێنێت، وەکو ئاماژەپێکرا هەڵبژاردنی یەکێك لەو بژاردانە پەیوەندییان بە ئەزموون و پەیپێبردنەکانی تاکەوە لەبارەی دنیای ڕاستییەوە هەیە. بەمپێیە لە نموونەکانی(7)دا ئەو ڕاستییە تێبینی دەکرێت، کە چەمکی کات لە زماندا گشتییە، هەرچەند نیشانەیش بکرێت، بەڵام بەپێی ئەزموون و دونیابینی تاك ڕووندەبێتەوە، کە بەدیاریکراویی مەبەست لەچی کاتێکە. بڕوانە: (شیلان ڕەحیم ئیبراهیم:2019: 77- 79)

**2-3/ درکپێکردنی میتافۆرییانەی ئەدڤێرب لە زمانی کوردیدا:**

بەکارهێنان و درکپێکردنی میتافۆرییانەی ئەدڤێربەکان و بەپێی نەخشاندنی پەیپێبردنی مرۆڤ بۆ واتای ئەدڤێربەکان، کۆزانینیی تاك لەبارەی واتای ئەدڤێربەکانەوە دەردەخەن، چونکە تەنها واتای سیمانتیکیی ئەدڤێربەکان هەڵگری کۆزانینی مرۆڤ لەبارەیانەوە نین، بەڵکو دەبێت بەکارهێنانی میتافۆرییانەی چەمکی ئادڤێربەکان بۆ ڕوونبونەوەی واتا جیاوازەکانیان بنەخشێنرێن.

چەمکەکانی وەکو(سەر، لەسەر، ژێر ، لەژێر، لەبان، لەپشت لەپێش، لەنزیک و لەدوور، لە ڕاست و لەچەپ...تاد) سەرەڕای واتا بنەڕەتییەکەیان هەڵگری واتای میتافۆرییانەن، تەنانەت ڕێزمانی درکپێکردن زیاتر دەڕوات و پێیوایە زمان بەکارهێنانێکی میتافۆرییانەی هەیە، لەمەشەوە بۆ ئەوەی پەسنێکی وردی زمان دەستبخرێت، پێویستە ڕوانگەی پەیپێبردنی مرۆڤ لەبارەی کەرەستە زمانییەکانەوە دیاریبکرێت، بۆ خستنەڕووی کۆزانینی ئینسکلۆپێدیایی مرۆڤ لەبارەیانەوە، سەرئەنجام ئەوە واتای ڕاستەقینەی کەرەستە زمانییەکانن و بەمڕێگەیە دەبێت ڕێزمان پەسنبکرێت، نەك لەسەر بنەمای ڕووکەشی کەرەستەکان و ئەرکە ڕێزمانییەکانیان، وەك ئەوەی لە ڕێزمانی باودا دەکرا، بۆ ڕوونبونەوەی بیرۆکەی توێژینەوەکە بەکارهێنانی میتافۆرییانەی ئەدڤێربی(شوێن)وەکو نموونە وەردەگرێت بە مەبەستی چۆنیەتی ڕوانینی ڕێزمانی درکپێکردن بۆ ئەدڤێرب لە زمانی کوردیدا: بڕوانە نموونەکانی(8).

8ئـ : گۆزەکە لەسەر کورسییەکەیە. 8بـ : من لەسەر پرۆژەکەم کاردەکەم.

8پـ : ئەو فەرمانی گرتنی لەسەرە. 8تـ : قەرزەکە لەسەر ئەو لابە بیخە سەر من.

8حـ -: ئەو وەکو مشەخۆر لەسەر من دەژیت.        8خـ : ژیان ڕۆژێك دەتخاتەژێر و ڕۆژێك سەرەوە.

لە نموونەکانی(8)دا ئەدڤێربی(لەسەر)کەوتۆتە نێو پەیوندیی فرەواتاییەوە، هەریەک لەو واتایانەش ڕەنگدانەوەی پەیپێبردن و کۆزانینی ئینسکلۆپیدیایی مرۆڤە بۆ چەمکی(لەسەر)، لە ڕستەی(8ئـ)وشەی (لەسەر)دەربڕی واتای فەرهەنگی وشەکەیە، هەرچەندە بەتەواویی دیار نییە لە ناوەڕاستی  کورسییەکەیە، یان لە لێواری کورسییەکەیە، لە ڕستەی(8بـ) چەمکی(لەسەر)درکپێکردنی تاك بۆ واتایەکی میتافۆری دەنوێنێت، بەو پێیەی لەسەر کارکردن واتای ئەوە نییە بە پێی ڕۆشتبێتە سەر هەندێك وەرەقە و نەخشەی پرۆژەکە، بەڵکو ئەزموونکردنی مرۆڤ بۆ واتای کارکردن و خۆتەرخانکردن هاتووە، لە ڕستەی(8پـ) دیسانەوە واتایەکی میتافۆریی هەیە، بەو پێیەی فەرمانی گرتن دەردەچێت بۆ کەسێك، هیچ پەیوەندی بە چەمکی (لەسەر و لە ژێر)ەوە نییە، واتای میتافۆری فەرمانی گرتنی لەسەرە، بریتییە لەوەی دادوەر فەرمانی گرتنی بۆ دەرکردووە، بۆیە ئێستا پۆلیس دەتوانێت بیگرێت، هەمان ڕاستی بۆ نموونەی(8تـ)دەگونجێت و هیچ پەیوەندی بە(سەر و ژێر)ەوە نییە، قەرزکەوتنەسەر بەواتای ئەوەی، کە کەسێك قەرزارە، بۆیە دەبێت ئەو قەرزە بداتەوە، لە(8حـ )دا (لەسەر)بە واتای میتافۆریی کەوتنە ئەستۆ و  بوون بەبار دێت، کە کەسێك خۆی ئیش و کاری نییە و دەبێت کەسێك بژێوی ژیانیی دابینبکات، لە ڕستەی (8خـ)دا (سەر و ژێر)بە واتای میتافۆریی بەکارهاتووە، بەوپێیەی سەر لەوێدا واتای گوزەرانی باش و ژیانێکی بێکێشە و تەندروست و سەرکەوتوو دەگەیەنێت، ژێریش ڕێك بە پێچەوانەوە دەردەکەوێت. پەیکاڵ لەگەڵ نموونەکانی(8)دا، بڕوانە نموونەکانی(9).

9ئـ : تۆپەکە لە ژێر کورسییەکەیە؟

9بـ: ئەو لەژێر کاریگەری مادەی هۆشبەردایە.

9پـ: لە ژێر  هیچ پاساوێکدا کارەکەت دوامەخە.

9تـ :ئەگەر بتگرم ئەتخەمە ژێر.

9جـ: خوای گەورە دەفەرموێت: بەهەشت لە ژێر پێی دایکانە.

9چـ: ژێروبانی بکە

9حـ:فایلەکەتیان خستوەتە ژێرەوە!


9خـ: لە ژێر چاوەوە سەیردەکات.

9د: ئەو زۆر لە ژێرۆ برە.

9ر: ئەو برادەرە ژێروبانی وەکو یەکە.

9ڕ: مەترسە، چی لەژێر بەرەدایە بیخە سەر بەرە.

چەمکی(ژێر)لە ڕستەی( 9ئـ )واتای فەر هەنگیی خۆی بەکار هاتووە، وەکو پێشتریش ئاماژەیپێکرا هێشتا ناڕوونە، کە تۆپەکە لەلای ڕاستی کورسییەکەیە یان چەپ، باکور یان باشور، واتە بە دیاریکراوی نازانرێت لە کوێدایە، لە(9بـ )بابەتەکە پەیوەندیی بە شوێنەوە نییە بەڵکو ئەوە درکپێکردنی تاکە بە واتا میتافۆرییەکەی (لە ژێر)و ئەزموونکردنی ئاراستەی خوارەوەیە و هەڵگری چەمکێکی نەرێنییە، کە مرۆڤی ئالودە بە مادەی هۆشبەر وەکو نەخۆش سەیردەکرێت، لە(9پـ)واتای میتافۆرییە و چەمکی(ژێر)، شوێن ناگەیەنێت، بەڵکو بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە کەسی بەرانبەر ئاگاداربکرێتەوە لەوەی، کە بیانو نەدۆزێتەوە بۆ نەکردنی کارەکەی، هەوەها لە(9تـ )دا بەپێی دونیابینیی و ئاوەزمەندیی مرۆڤ و بە پشتبەستن بە ئەزموون و جووڵەی ڕۆژانەی بۆ ئاراستەی(ژێر، خوار)وەك لە ئاراستەی(سەر، لەسەر، سەرەوە) هەڵگری چەمکێکی نەرێنییە، بۆیە واتاکە میتافۆرییە و(ژێر)لەوێدا نیشانەی کەوتن و دۆڕان و بردنەوەی هەڵگرتووە بەو پێیەی هەر کەسێك بکەوێتە ژێر دۆڕاوە، واتە لەوێدا واتای هەرەشە دەگەیەنێت، هەمان ڕاستی بۆ نموونەکانی(9حـ، خـ، د)دەگونجێت. هەمبەر بە(9تـ)، لە(9جـ)دا هەرچەندە ئەزموونکردنی تاك بەرەو ئاراستەی خوارەوەیە، بەڵام(لە ژێر)هەڵگری چەمکێکی ئەرێنی و ڕێز و گەورەیی دایك دەگەیەنێت، چونکە تاکی کورد، کە خاوەنی کۆمەڵێکی کوردیی-ئیسلامییە، لە ژێر کاریگەری ئایینی ئیسلام و قورئانی پیرۆز و بەپێی ئەزموونی ئایینیی خۆی بۆ گەورەیی دایك سەرنەویدەکات. هەرچی (9چـ)یە، (ژێر) لەگەڵ بەشی دووەمی وشەی (ژێروبان)واتایەکی میتافۆری هەڵگرتووە بەوپێیەی بەیەکەوە واتای(ئەمدیو ئەو دیوکردن) دەگەیەنن، نەك شوێنی ژێر و سەر، لە( 9حـ)دا (ژێر)بە واتای پشتگوێخستن و نەکردنی کارێك دێت، لە (9خـ)واتایەکی میتافۆریی هەیە و واتای بەدزییەوە، یان بە نازێکەوە، یان بە فێڵ و تەڵەکەوە سەیردەکات و بەتەمای شتێکە، لە( 9د )دا دیسانەوە وشەی (ژێر) واتای میتافۆری هەیە، واتاکەی بریتییە لەو سیفەتە ناشیرینەی، کە کەسێك خۆی بەباش پیشانبدات بەڵام لە بنەڕەتدا خەریکی کاری خراپە بێت بەرانبەر بە چواردەورەکەی، لە (9ر)دا میتافۆرییانە(ژێر)بە واتای کەسێك دێت، کە قسە و کردارەکانی وەکو یەکن، یان ناخ و زمان و هەڵسوکەوتی وەکو یەکە و کەسێکی یەکرووە و هەرچی بکات بە بەرچاوەوە ئەنجامیدەدات. لە (9ڕ)دا درکپێکردنی تاك بۆ بابەتێکی نهێنی واتە چەمکی نهێنی بە ئاراستەی خوارەوەیە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:(Bernd Heine: 1997:35-62 )بێگومان ئەم شرۆڤەکارییانەش پشتبەستوو دەبێت بە ئەزموون و دونیابینی و شارەزایی و کۆزانینی ئینسکلۆپیدیایی بەکارهێنەری زمانەوە و بیرۆکەی تۆڕی تیشکدەرەوەیی و دیاردەی فرەواتایی بۆ ئەدڤێربەکان جێبەجێدەکات و چوارچێوەیەك لە واتا بۆ نموونەکانی(8)و(9)بەپێی دەوروبەری جیاواز ڕەنگڕێژدەکات و (لە ژێر)لە نموونەی(9)دا وەك نموونەیەکی ناوەندیی و واتای فەرهەنگیی و ئەندامی دەوروبەری، پۆلێکی تیشکدەرەوەیی دەنەخشێنێت و چەمکی ئەرێنی و نەرێنی بۆ(لە ژێر)دیاریدەکات. لەمەشەوە جگە لە جێبەجێبوونی بنەماکانی ڕێزمانی درکپێکردن، پەیوەندی توندوتۆڵ لەنێوان تیۆرەکانی سیمانتیکی درکپێکردن لە پرۆسەی بەچەمککردن و بەرهەمهێنانی فۆرم و واتا ئاشکرادەبێت. بڕوانە هێڵکاری(8).




هێڵکاری(8)، فرەواتایی ئەدڤێربی(لەژێر).

**ئەنجام:**

1-ڕێزمانی درکپێکردن جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا دەکاتەوە و دەرفەتی زیاتر بۆ شرۆڤەکردنی یەکەی زمانی دابیندەکات و چۆنیەتی بنیاتنان و بەرهەمهێنانی واتا لەسەر بنەمای دەوروبەر لە ئاوەزدا دەنوێنێت. بەمەش دەکرێت دەربڕاوەکانی زمانی کوردی لە چوارچێوەی ڕێزمانی درکپێکردندا شرۆڤەبکرێن.

2-لەبەرئەوەی ڕێزمان بەشێکە لە کۆی سیستەمی درکپێکردنانەی مرۆڤ، بۆیە بەکارهێنانی میتافۆرییانەی ئەدڤێربەکان لەسەر بنەمای سکێماکانیان و گواستنەوە و بەکارهێنانیان لە دۆخی ئەبستراکتەوە بۆ بەجەستەبیبوون و لەنێویشیاندا بەناوەند وەرگرتنی جەستیی مرۆڤ، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە ڕێزمانی درکپێکردن، ڕێزمان بە سیستەمێکی هێمایی پەیوەست دەبینێت، کە لە ڕێگەی ئەزموون و دونیابینیی و کۆزانینیی مرۆڤەوە پرۆسەی درکپێکردنی ڕێزمانی چێوەوەردەگرێت.

3-شیکارییەکانی ئەدڤێرب لەسەر بنەمای ڕێزمانی درکپێکردن بۆ کۆی ڕێزمان گونجاوە و دەتوانرێت تاقیبکرێتەوە، نەك تەنها لەسەر پۆلەفەرهەنگییەکان، بەڵکو چەمکە ڕێزمانییەکانی وەکو( تاف، ئەسپێکت، ڕێژە/موود، ناساندن، نەناساندن، بکەرنادیاریی، بە لوتکەکردن و جووڵەی وشەی پرس ...).

4-توێژینەوەکە لەسەر بنەمای میکانیزمە تیۆرەکانی ڕێزمانی درکپێکردن وەکو بیرۆکەی (پۆلی تیشکدەرەوەیی، فرەواتایی، میتافۆر، سکێمای وێنە، ئەزموون، دونیابینیی، کۆزانین، پەیپێبردن و درکپێکردن، بەکارهێنان و گوزارشت) بەکارهێنانی ئەدڤێربەکانی (کات و شوێن)ی تاقیکردووەتەوە و هەوڵیداوە، ئەوە بسەلمێنێت، کە ڕێزمانی درکپێکردن پەسنی وردیی زمان دەکات.

5- توێژینەوەکە، ئەوەی پشتڕاستکردووەتەوە، کە ئەدڤێربی شوێن و کات، بەپێی ڕێزمانی درکپێکردن لەزمانی کوردیدا وردتر پەسندەکرێن، چونکە ئەوان تەنها دەربڕی چەمکی شوێن و کات نیین، بەڵکو بەپێی ئەزموون ودونیابینیی و پرۆسەکانی درکپێکردن لای مرۆڤ چەندین واتای جیاواز دەگەیەنن، بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە نموونەکانی (6،7،8).

**سەرچاوەکان:**

**بەزمانی کوردی:**

جەواد، هوشەنگ فارووق(2022)، میتۆنیمی چەمکی، دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی لە کەرەستەی زمانی کوردیدا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(52).

حسێن، ئازاد ئەحمەد (2001)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کرداریدا، نامەی ماجستێر، سلێمانی.

شنۆ عەولا حەمەد ئەمین(2023)، هێمای وێنەیی و کاریگەری لە کردەی گەیاندندا(لە ڕوانگەی واتاسازی زانینیەوە)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی ڕاپەڕین.

شیلان ڕەحیم ئیبراهیم:2019، نەخشاندنی کۆزانیاریی وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا،(دکتۆرا)، زانکۆی سلێمانی.

غەریب، نالی ئەدهەم (2016)، درکپێکردنی میتۆنیمی لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

مەعروف ,عبدالجبار مستەفا ،( 2013)، ئاوەڵکار لە فەرهەنگ و سینتاکسی زمانی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە24.

**-بەزمانی عەرەبی:**

الزناد، الأزهر(2009)، نظريات لسانيات عرفنية، الدار العربية للعلوم الناشرون، تونس.

جهيدة، سعودي؛ عبدالغاني، قبايلي، (2022)، نظرية الأفضية الذهنية في البحث اللسانيات العرفاني بين النظرية و التطبيق، مجلة ميلاف للبحوث و الدراسات، المجلد8، العدد1، الجزائر.

**-بەزمانی فارسی:**

گیررتس، دیرك (1393)، نظریه‌های معنی شناسی واژگانی، ترجمه کورش صفوی، نشر علمی و فرهنگی، تهران.

لوریا، الکساندر، (1376)، زبان و شناخت، ترجمەی، حبیب الله قاسم زاده، تهران، فرهنگان.

راسخ مهند، محمد (1393 )، درآمدی بر زبانشناسی شناختی: نظریه ها و مفاهیم، چاپ چهارم، سمت، تهران.

هاشمی، زهره (1389)نظریه استعاره مفهومی از دیدگاه لیکاف و جانسون، نشریه ادب پژوهی، سال 3، شماره12.

**-بەزمانی ئینگلیزی:**

Bybee, J. L. (2013). Usage-based theory and exemplar representations of constructions. In T. Hoffmann & G. Trousdale (Eds.), *The Oxford handbook of construction grammar* (pp. 49–69). Oxford University Press.

Croft, W. (2001). *Radical construction grammar: Syntactic theory in typological perspective*. Oxford University Press.

Evans, V., & Green, M. (2006). *Cognitive linguistics: An introduction*. Edinburgh University Press.

Goldberg, A. E. (2006). *Constructions at work: The nature of generalization in language*. Oxford University Press.

Heine, B. (1997). *Cognitive foundations of grammar*. Oxford University Press.

Hedblom, M. M., Kutz, O., & Neuhaus, F. (2015). Choosing the right invention. *Journal of Artificial General Intelligence, 6*(1), 21–54.

Johnson, M. (1987). *The body in the mind: The bodily basis of meaning, imagination, and reason*. University of Chicago Press.

Lakoff, G., & Turner, M. (1989). *More than cool reason: A field guide to poetic metaphor*. University of Chicago Press.

Langacker, R. W. (2008). *Cognitive grammar: A basic introduction*. Oxford University Press.

Langacker, R. W. (2013). *Essentials of cognitive grammar*. Oxford University Press.

Langacker, R. W. (2004). *Foundations of cognitive grammar* (Vol. 1). Stanford University Press.

Mandler, J. M. (1984). *Stories, scripts, and scenes: Aspects of schema theory*. Lawrence Erlbaum Associates.

Taylor, J. R. (2012). *The mental corpus: How language is represented in the mind*. Oxford University Press.

Turner, M. (1996). *The literary mind*. Oxford University Press.

**Kurdish References**

Jawad, H. F. (2022). Metonymy: Concept, emergence, and manifestation in Kurdish linguistic material. *Journal of the Kurdish Academy, 52.* [in Kurdish].

Hussein, A. A. (2001). The role of adverbs in expanding the verbal phrase. Master's thesis, University of Sulaimani. [in Kurdish].

Amin, S. A. H. (2023). Visual symbols and their effect on communicative acts: From the perspective of cognitive semantics. Doctoral dissertation, University of Raparin. [in Kurdish].

Ibrahim, S. R. (2019). Mapping lexical knowledge in cognitive lexicon. Doctoral dissertation, University of Sulaimani. [in Kurdish].

Gharib, N. A. (2016). The perception of metonymy in the Kurdish language. Master's thesis, College of Languages, University of Sulaimani. [in Kurdish].

Maruf, A. M. (2013). Adverbs in the lexicon and syntax of the Kurdish language. *Koya University Journal, 24.* [in Kurdish].

**Arabic References**

Al-Zannad, A. (2009). *Theories of cognitive linguistics*. Tunis: Arab House of Sciences Publishers. [in Arabic].

Jahida, S., & Abdelghani, Q. (2022). The theory of mental spaces in cognitive linguistic research: Between theory and application. *Milaf Journal for Research and Studies, 8*(1). [in Arabic].

**Persian References**

Geeraerts, D. (2014). *Theories of lexical semantics* (K. Safavi, Trans.). Tehran: Elmi va Farhangi Publishing. (Original work published in Persian). [in Persian].

Luria, A. (1997). *Language and cognition* (H. Qasemzadeh, Trans.). Tehran: Farhangan Publishing. [in Persian].

Rasekh Mahand, M. (2014). *An introduction to cognitive linguistics: Theories and concepts* (4th ed.). Tehran: SAMT Publications. [in Persian].

Hashemi, Z. (2010). Conceptual metaphor theory from the perspective of Lakoff and Johnson. *Adab Pazhuhi Journal, 3*(12). [in Persian].